# له یادی سمایلی محمدی

دو کیژۆڵه له ڕەنگی بەفر،

به چەپکه گوڵی تاسۆقەوه،

چارۆکەیەک شانەو شان هەناسەی تامەزرۆیی،

دەستانیان تژی له خۆسەویستی بەرەوئامێزی باوکانه،

لێوانیان به زەردەخەنەی گوڵ هەناری قسەی خۆش ئەتروکا.

جانتای سەفەر به بڕێک بۆنی خۆش، بینینی باوکیانی مزگێنی ئەدا

پەیکەرەی به هیوا تەنراوی باوکیان،

هاکا به گەیشتنیان گوڵ بارانی کەن.

ترپه ترپی دڵی چۆلەکەی سەفەر و خەنی بونیان، به بینینی سەر و دڵ خۆشیانی دەکرد.

گوڵێکی سوری بەر نەردەی بەندیخانەی ناهومێدی،

لەسەر لەپی دەستیان، خەیاڵی تاڵ تاڵ بوی هەوریشمی،

ڕاخوشینی تەرمی ئەستێرەی سور بەدی ئەکرا کەلەدەشتەستانی سارد و سڕی زەمهەریریدا بەرەو هەناسەی گەرمی پۆلێک گوڵی سور گوزەری ئەکرد.

ئەرێ پێم ناڵێن ئاپۆره خەمی ئەم جارەی شار و دێی نیشتمان کامه دڵێ حەوجۆش وەخرۆش دێنێ؟

ده پێم بڵێن ئەم جاره کام دەنگ له هەمو دەنگێ ڕەساتره؟

پێم ناڵێن کام ڕەنگ له هەمو ڕەنگێ بەڕمێنتره؟

کیژانی له ڕەنگی بەفر !

هیوای سپی دواڕۆژ !

مەلانی هەزاران دەنگی خۆش له گەرودا !

ئەوه ئێوەن مێژوی نیشتمان به عەشق ئەنوسنەوه !!!

عبدالاحد احمدزاده